# پەسەند کردنی یاسای هەڵبژاردن وهەڵوەستەیەك

## ئا \ مامۆستا سەلاحەدین



مشتومڕی توندی لیستە جیاوازەکانی نێو پەرلەمانی ئێراقو پێداگری پەرلەمانتارانی کورد لەسەر پەسند کردنی یاسای هەڵبژاردن و بەشداری بوونی کەرکوك بێ جیاوازی لە پارێزگاکانی تری ئێراق لە هەلبژاردنی داهاتوو, وێرای دژایەتی و موداخەلاتی وڵاتانی دەرەکییش, بەلاَم سەرئەنجام یاسای هەڵبژاردنەکان بە زۆرترین دەنگ پەسەند کرا و بڕیاریشە لە مانگی یەکی 2010 هەڵبژاردنەکان پێك بێت و سەربارەت بە ئەرێ کردنی یاساکە بیرو بۆچوونی چەند رۆژنامەنووسێکمان دوواندووە کە دوا گۆرانکارییەکان بۆ ئالاَی ئازادی شرۆڤە دەکەن.

لە کەرکوك ئەکبەرجیهانگیری رۆژناموس دەڵێت

پەسەند کردنی یاسای هەڵبژاردن و بەشداری کەرکوك بە زۆرینەی دەنگ و ئەو مشتومڕە زۆرەی نێو پەرلەمان ودەرکەوتنی ئەو ئەنجامە، بەئاشکرا ئەوە دەبینرێت کە فشارێکی سیاسی دەرەکی و ناوخۆی رۆڵی لەو ئەنجامە هەبوو؛ لەسەرەتادا ئەمریکا ـ تورکیا و ئێران لەگەڵ ئەوە نەبوون شاری کەرکوك بکەوێتە نێو هەڵبژاردنەکانەوە هەر ئەمەش هۆکاری مشتومڕەکە بوو، ئەمەش دەرفەتی زیاتری بۆ عەرەب و تورکمانی شۆڤێنی رەخساند تا پێداگری زیاتر لەسەر بەشداری نەکردنی کەرکوك دابگرن، بەلاَم پاش پێشنیارەکەی ئەمریکا کە هەڵبژاردن بە پێی سەرژمێری 2009 بکرێت، سوور بوونی کوردان بۆ بەشداری کەرکوك لەهەڵبژاردن فشار کەوتە سەر لایەنی عەرەب و تورکیاش موداخەلەکەی راگرت، ئەمەش بووە هۆی بێدەنگبوونی تورکمان و بەوشێوەیە یاساکە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ئەگینا پیلانگێڕییەك بوو تا ئاستی پارچەکردنی دەنگی کوردانیش دەڕۆشت.

نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە دەنگی کورد لەپەرلەمانی ئێراقدا لاواز بێت، لەبەرژەوەندی ئەمریکاشدا نییە. هۆکاری ئەو پێشنیارەی ئەمریکاش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو مشتومڕەی نێو پەرلەمانیش راستە پەیوەندی بەموداخەلەی تورکیاو ئێرانیشەوە هەبوو، دەبووە زەمینی بۆ دەرکە نی کۆنترۆڵی نێو خۆی ئێراق لەدەستی ئەمریکا و پێشکەوتنی تەوژمی میللیگەرایی لەئێراقدا، ئەمەش زیانی بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەگەیاندو کاریگەری دەستوری ئەمریکاش کەم دەکردەوە. ئەو پێشنیارەی ئەمریکا یەکلایی کردنەوەی مشتومڕەکە بوو.

سووربوون و پێداگری لایەنی کوردیش لەسەر پێشنیارەکەو بەشداری کەرکوك لەهەڵبژاردنەکان گرنگ و جێگەی بایەخە. لەبەرئەوەش ئەگەر لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستانەی لەدژی داخوازییەکی ئاسایی نیشاندەدرێت ودەکرێتە گرێ گوێرە، یەکێتی کوردان بەشێوەیەکی دیموکراتی بەبنەما نەگیرێت، ئەوا ناتوانرێت بەشێوەیەکی بەهێز بەشداری هەڵبژاردن ببین و بڵێین لە توانامانداية بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بپارێزین.

هەروەها پشتگیری سەرۆکی کۆماجڤاکن کوردستان بۆ یەکێتی هەڵوێست و پێداگری وجەختکردنەوەی لایەنی کوردی لەسەر بەشداری کەرکوك لەهەڵبژاردن جێگەی بایەخەو رۆڵی لە بەهێزکردنی یەکێتی هەڵویستی سیاسی کورد لەئاستی نەتەوەییدا دەبینێت و وەکو چۆن تورکیا پشتگیری تورکمانەکان دەکات، شیعەی ئێران پشتگیری شیعەی ئێراق دەکەن، پشتگیری کۆماجڤاکن کوردستانیش لەرووی نەتەوەیی و دیموکراتییەوە گرنگە و واتادارە.

## فاخر بلباس رۆژنامەنووس دەڵێت



وەك بیستمان یاسای هەڵبژاردن بەبڕیاری ئەمجارەی پەرلەمانی ئێراق, بە هەزار دەردەسەرییەوە هەموار کراو کەوتە جێبەجێکردنەوە, جگە لە پارێزگاکانی دیکە کەرکوکیش بگرێتەوە, بەڵام زۆر سەیرە بەوەدێت ئایا بۆچی تا ئێستا هیچ لایەنێك وەکو پێویست بە سەپاندنی بڕیاری هەڵبژاردن رازی نەدەبوون لە ناو خۆیاندا بەربەرەکانیو ناکۆك بوون, کەچی لە پڕێکا هەر ئەوەندەمان زانیو بینیمان زۆر بەئاسانی یاسای هەڵبژاردنەکە بە ئامانج گەیشتو دەنگی لە سەردرا, بەتایبەتی شاری کەرکوك کەتائێستابەهەمووجورێك, لەلایەن ناحەزانەوە دژایەتی دەکرا, لەوانە هاوپەیمانانوتورکمانو عەرەبە شۆڤینیەوە, دژایەتی بوونی هەڵبژاردنیان لەو شارە دەکردو رەفزی بەرقەرار بوونی ئارامی شارەکە بوونو هەر جارەی بە مەبەستی سەرنەگرتنی هەڵبژاردن دوابخرێت, ئەمەش خۆی لە خۆیدا دژایەتی کردنەوناپانەوێت ژیانی تەباییو پێکەوە ژیانی بەرقەراربێت و بارودۆخی شارەکە بەرەوباشبوون بچێت, ئەوە بوویاسای هەڵبژاردنەکە سەری گرت و لە ناکاوێکا دەنگی ئامانجی رازی بوون کەوتە بەر گوێ و بوونی هەڵبژاردن هاتە کایەوە, بەڵام سەیرە چۆن بە هیچ رێگریەکەوە ئەو بڕیارە پەسند کرا, دەپرسم ئایا هەوڵ و زەبری چ حزب و لایەنێك یاخود کۆمەڵەیەك بوو؟ چونکە کەس بڕوای بەوە نەدەکرد ئا بەم شێوەیە هەڵبژاردن بگاتە ئەنجام و سەربگرێت, لە بەر ئەوەی وەکو گوتم چەندین لایەنی ناحەزودوژمن دژایەتی چەسپ بوونی یاساکەیان دەکرد و نەیاندەویست هەڵبژاردن بکرێت, بە تایبەتی لە شاری کەرکوکی خۆشەویست بۆیە دەڵێم سەیرە زۆر سەیرە چ هۆیەك بوو وایکرد کرداری هەڵبژاردن لە شاری کەرکوك سەربگرێت.

## عەبدولوەهاب ئیسماعیل رۆژنامەنووس دەڵێت



وەك دەزانین دەستوری ئێراق لە سەر بنمای زۆرینە هاتووە, لە رێی فەرمانڕەواییو بەرێوەبردنی دەسەڵات, بەڵام بەهۆی فرەنەتەوەیی لە ئێراق, لەم قوناغە دەسەڵات و حوکمڕانی بە شێوەی تەوافوق بەرێوەدەچێت, نەیارانی کورد لە شۆڤێنیو کۆنە بەعسیەکان زۆر هەوڵو تەقەڵە دەدەن, بۆ ئەوەی دەسەکەوتەکانی کورد کەم بکەنەوە, ببنە ئاستەنگ لە رێی گەیشتن بە مافەکانی, هەر لەبەر ئەوە زۆر هەوڵیاندا لە پەرلەمان وەك پیلانگێڕییەکەی 24 تەموز دوپات بکەنەوە, بەڵام ئازاییو ژیری ئەندامانی کورد لە بەغدا توانیان سەرکەوتن بە دەست بهێنن, کە دەیانوێست پرسی کەرکوك بچوك بکەنەوە بەیاسایەکی هوڵبژاردنو ببێتە بە دیلی ماددەی 140 ی دەستووری, ئەم سەرکەوتنە دەبێتە مایەی پاراستنی دەستوور و رێگرتن لە گەڕانەوەی بیری شۆڤینیەتو بەعسی بۆ ناو پەرلەملن, ئەویش بە پاراستنی دیموکراسیەت و سیاسەتی تەوافوق, ئەم سەرکەوتنەش بە پشتوانی سەرۆکایەتی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و پاڵپشتی جەماوەری کوردستان هەژمار دەکرێت, ئەو یاسایەی دەرچووە هیچ تایبەتمەندیەکی بە کەرکوك نەداوە لە شێوەی هەڵبژاردن, هەڵبژاردنیش لە کەرکوك هەر وەك پارێزگاکانی تر

ئەنجام دەدرێت, وە لە سیاسەتی تەوافوق هەموو لایەك ئاستی داواکاری بەرزدەکاتەوە, بۆ ئەوەی باشترین و زۆرترین داواکانی بە دەست بێنێ, بەڵام مەرج نییە بگەینە هەموو ئامانجەکانت, لە بەرەی تەوافوق پێویست دەکات, لە هەندی مەرجی خۆت دەستبەرداربی تا هەندێ دەسکەوەت بە دەست بێنێ. ئەوەی کورد دەستی کەوت هەر چەندە لە ئاستی خواستی نەبوو, بەڵام رێگای نەدا تا ئەوانی تر هیچ دەسکەوتوو ئامانجیان بەدی بێنن, بە گشتی ئەوەی دەسکەوت شتێکی باش بوو, وە دەست خۆشییش لە ماندوو بوونیو نەبەردی هاوڕێیانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و برادەرانی یەکگرتووی ئیسلامی دەکرێت, بۆ یەك هەلوێستیان بەرامبەر پرسە نەتەوەیی و چارەنووسسازەکان.